Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.2070313

# ئاستەنگییەسینتاکسییەکانی فێربونی زمانی دووەم لای ئاخێوەری کورد
# (زمانی فارسی بە نمونە )

شادان حمەامین محمد
وەزارەتی پەروەردە/پەروەردەی سلێمانی

عمر أحمد عزیز
زانکۆی گەرمیان.کۆلێژی پەروەردە

ناهیدە رحمان خلیل
وەزارەتی پەروەردە/ پەروەردەی گەرمیان

**پوختە:**

توێژینەکە لە پێشەکییەک و دو بەش پێکدێت، لەگەڵ پوختە و زاراوەکلیلییەکان، لە بەشی یەکەمدا تیشکخراوەتەسەر بابەتی چەمکی زانستی زمانەوانی کارەکی، فێربونی زمانی دووەم ، چەند بابەتێکی تری پەیوەست بە باسەکە، لە بەشی دووەمدا ئاستەنگییە سینتاکسییەکانمان لە پرۆسەی فێربونی زمانی فارسی لای ئاخێوەری کورد خستۆتەبەرباس، دەرمانخستووە، کە چۆن دەبنە رێگر لە فێربونی زمانی فارسی لای ئاخێوەری کورد، ئامانجی توێژینەوەکە، دۆزینەوەی ئاستەنگییەکانە، بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئاستەنگییانە بەگرتنەبەری رێکاری گونجاو لە پرۆسەی فێرکردنی زمانی فارسی بۆ ئاخێوەری کورد، گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە، کە زمانی فارسی و کوردی سەربەیەک خێزانن و زمانێکی دراوسێیە و دەوڵەمەندە بە سەرچاوەی زانستیی، لەم روانگەیەوە پێویستە باشترین رێگا بگیرێتە بەر بۆ ئەوەی ئاخێوەری کورد فێری زمانی فارسیی ببێت، کێشەی توێژینەوەکە بریتییە لە ئەو پرسیارەی، کە ئایا ئاخێوەری کورد ئاستەنگی سینتاکسی هەیە لە فێربونی زمانی فارسیدا؟ هەروەها لەکۆتایشدا لیستی سەرچاوەی بەکارهاتوو و پوختەی توێژینەوە بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و خراوەتە روو.

Article Info

Received: June, 2020

Revised:June,2020

Accepted: July ,2020

Keywords

فێربون، فێرکردن، زمانی دووەم، ئاستەنگییەزمانییەکان، ئاستەنگی سینتاکسی، زمانەوانی کارەکی.

Corresponding Author

Shadanhamaamin2@gmail.com

Umer-ahmed@garmian.edu.krd

nahida2000@yahoo.com

## پێشەکی:

زمان یەکێکە لە گرنگترین رەگەزەکەکانی شارستانییەت، کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەبێ زمان دروست نابێت، لەم سۆنگەیەوە ئێمەی مرۆڤ بۆ ئەوەی ببینە ئەندامی هەر کۆمەڵێک پێویستمان بە زانینی زمانەکەیان هەیە، جیاوازی زمانەکان لە یەکتر وای کردووە، خواستی فێربونی زمانەکان زیادبکات، هەرچەند زمان بریتییە لە مامەڵەی رۆژانە و ژیان لەگەڵ خاوەن زماندا، بەڵام

بەهۆی نەڕەخسانی ئەوە، ناچار زۆرێک پەنا دەبەنە بەر خولی فێربونی زمان، لەم ڕوانگەیەوە چەندین گرفت و ئاستەنگی زمانەوانی دێنە ڕێی فێرخوازان لە پرۆسەی فێربونی زمانێکی تردا، ئەم ئاستەنگییانەش لەوە سەرچاوە دەگرن، کە زمانەکان جیاوازن لەیەکتر، جیاوازی زمانەکانی لە ڕیزبەندی و بەدواییەکداهاتنی فۆنیمەکانەوە دەست پێدەکات، پاشان هەمو زمانێک ڕێزمانێکی جیاوازی و سیستەمێکی مۆرفۆلۆژی فۆنۆلۆژی تایبەتی هەیە، هەر بۆیە فێرخواز لە کاتی فێربونی زمانێکی تر ڕوبەڕوی ڕێزمانێکی نوێ دەبێتەوە، کە جیاوازە لە زمانەکەی خۆی، هەر ئەمەشە وا دەکات، فێرخواز زۆرجار سیستەمی ڕێزمانەکەی خۆی بەکار بهێنێت بۆ زمانەکانی تر و هەڵە ڕوبدات، لەم ڕوانگەیەوە لقێکی زانستی زمان هەیە، بە ناوی زمانەوانی کارەکی (Applide lingustics ، کە تایبەتە بە وتنەوەی زمان و دیاریکردنی گرفتەکانی فێربونی زمانی دووەم و چارەسەرکردنیان و گرتنە بەری گونجاوترین ڕێگا و ڕێکار لەوتنەوەی زماندا(بڕوانە: (نەریمان عبداللە خۆشناو، ٢٠١٦ ، ١٤ )، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە لە چوارچێوەی زمانەوانی کارەکیدا، بە مەبەستی دیاریکردنی ئاستەنگییەکانی فێربونی زمانی فارسی لای ئاخێوەری کورد، لەنێویشیاندا ئاستەنگییە سینتاکسییەکان خراونەتە بەرباس، بە ئامانجی دیاریکردنیان، بەسەرنجدان لە ئاستەنگییەکانی فێربوونی زمان، بۆمان ڕوندەبێتەوە، کە گرفت و ئاستەنگییەکان دو جۆرن، (coorder)ئاستەنگیی و گرفتەکانی دابەشکردووە بۆ دوو جۆر،:

١- ئەوگرفتانەی کە نێوزمانیین(intralingual )

٢- لەگەڵ ئەوانەی کە نێوان زمانین interlingual ( رضوان متولیان، عباس استیوار، ١٣٩٢، ٦٢)

زۆرینەی ئاستەنگییەکانی ئەم توێژینەوەیە نێو زمانین، واتە پەیوەندییان بەخودی زمانی فارسییەوە هەیە، تویژینەوەکە پشتی بە ئەزمونی ئەو خولی زمانی فارسییانە بەستووە کە لە زانکۆی گەرمیان کراونەتەوە، هەروەها لەبەر کەمی زانیاریی زمانەوانی فێرخوازانی خولەکە بە وردیی و زانستی نەیانتوانی ئاستەنگییەکان دیاریبکەن، هەر بۆیە پشتمان بەسەرچاوە زانستیی و ئەزمونی زانستی خۆمان وەکو مامۆستای زمان لەزانکۆ بەستووە لە دیاریکردنی ئاستەنگییەکانی فێربونی زمانی فارسی لای ئاخێوەری کورد بەتایبەت ئاستەنگییە سینتاکسییەکان، کە بە بۆچونی کۆردەر، ئەو ئاستەنگییانەی، کە نێوزمانیین واتە پەیوەندییان بە زمانی فارسییەوە هەیە.

توێژینەوەکە لە دو بەش پێکدێت، لەبەشی یەکەمدا تیشکخراوەتە سەر هەندێك تەوەری پەیەست بە بابەتەکەوە، لە بەشی دووەمدا بەوردی هەندێك لە ئاستەنگە سینتاکسیەکانی زمانی فارسی خراونەتە بەرباس .

**زمانەوانی کارەکی (پراکتیکی) - Applied linguistics**

زمانەوانی لە بنەڕەتدا لە دوو لقی سەرەکی پێکدێت، ئەوانەش ( زمانەوانی تیۆری و زمانەوانی کارەکی)ن ، هەر یەك لەم لقانەش لە چەندین لقە تر پێکدێن. (Corder) بەم شێوەیە پێناسەی زمانەوانی کارەکی دەکات: (زمانەوانی کارەکی بەکارهێنانێکی ئاشکرای زمانە کە تێیدا کە تیایدا زمان توخمێکی بنەڕەتی زمانە ) (نەریمان عبدالله خۆشناو، ٢٠١٦ ، ١٤)ئەم زانستە باس لە هەندێك و بوار و لایەنی زمان دەکات لە ڕووی کردەییەوە لەوانە ( فەرهەنگسازی ، کۆزمانەوانی ، نەخۆشییەکانی وتن، پلانی زمانی ، وەرگێڕان، فێربوون و فێرکردنی زمانی یەکەم ، فێربوونی زمانی دووەم و زمانی بێگانە بە گشتی ...) ( سەرچاوەی پێشوو هەمان لاپەڕە)

**فێربوون Learning:**

بریتییە لە گۆڕانکاری کردن لە ڕەفتاری تاکدا، ئەویش لەرێگەی شارەزایی و ڕاهێنانەوە دەبێت، هەرچەندە پرۆسەی فێربوون و فێرکردن پەیوەندییەکی بەهێز و لەیەکتر دانەبڕاویان هەیە؛ بەو مانایەی هەموو چالاکییەکانی مرۆڤ و سەراپای ژیانی دەگرنەوە بەجۆرێك لەدروستکردنی کەسایەتی منداڵدا ئاوێتەدەبن، چەمکی فێربوون چەمکێکی فرەڕەهەندەو لەهەر زانستێکدا خاوەنی پێناسەی تایبەت بەخۆیەتی، بەڵام سەرەڕای هەرجیاوازییەك سەبارەت بەفێربوون لەهەموو زانستەکاندا دەتوانین بڵێین بریتییە لە: ((هەرگۆڕانێك کەبەهۆی ئەزموون یان ڕاهێنان لەهەڵسوکەوتی مرۆڤ دێتە ئاراوە)) (زریتا عیلانی ، ١٣٨،٢).

**فێربوونی زمان Learning language:**

بەواتای کۆکردنەوەی کۆمەڵێك زانیاری پەیوەست بەسیستمی زمانی یان یاسا تایبەتەکانی ئەو زمانەدێت، کە بەشێوەیەکی ئاگایانە دەنوێنرێت و بەدڵنیاییەوە ناتوانرێت لەڕێگەی لەبەرکردن (حفظ) ی تەواوی ڕستەکانی زمانێك، ئەو زمانە نوێیە فێرببین،چونکە لەڕاستیدا ((لەبەرکردن بەواتای ئەوە دێت کەهیچ شتێك فێرنەبوویت،واتە ئەم لەبەرکردنانە، تەنیا لەدەورووبەرێکی پێشبینیکراودا بەکەڵکی بەکارهێنان دێت)). (زریتا عیلانی، ١٣٨٠، ٢،بەڵکو فێرخواز پێویستە یاسا زمانییەکان و شێوەی درووست بەکارهێنانی ئەو یاسایانە فێربێت،سەرەڕای ئەمەش فێربوونی تەواوی ڕێزمانی هەر زمانێك نابێتە هۆی بەدەستهێنانی توانای تەواو بۆقسەکردن بەو زمانە (سەرچاوەی پێشوو،هەمان لاپەڕە).

**زمانی یەکەم First Language – Mother Language :**

ئەو زمانەیە کە مرۆڤ بۆ یەکەم جار فێری دەبێت و دەتوانێت قسەی پێ بکات واتە ((یەکەمین زمانی فێربووە لەلایەن تاکەوە زمانێك کە تاك قسەی پێدەکات و بنەما کولتوری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگاکەی خۆی پێ دەدۆزێتەوە و و بەرجەستەی دەکات و خۆی پێ دەناسێتەوە)) (هێرش کەریم حەمید، ڕۆستەم محمد ئەحمەد : ٢٠١٩ :٦ ).

**زمانی دووەم Second Language :**

فیربوونی زمانێکی نوێ لەپاڵ زمانی یەکەم (زمانی دایك) بەزمانی دووەم ناودەبرێت، زمانی دووەم کە کورتکراوەی

(L2)ی بۆ بەکاردەهێنرێت ((هەر زمانێکە کە مرۆڤ لەدوای زمانی یەکەم (L1) فێری دەبێت)) (زریتا، ١٣٨٠-٢، بۆیە دەتوانین بڵێین زمانێك یان چەند زمانێك دەگرێتەوە، کە مرۆڤ بەگشتی دوای وەرگرتنی زمانی دایك فێریان ببێت و بەکاریان بهێنێت، هەر لەبەرئەوەشە پێی دەوترێت زمانی دووەم، چونکە وەرگرتن و فێربوونی دەکەوێتە دوای زمانی یەکەم (عدنان عبدالله عبدالوەهاب، ٢٠١٥، ٨٣). لێکۆڵینەوە لەفێربوونی زمانی دووەم تەنها لێکۆڵینەوە نییە لەچۆنیەتی و چییەتی خودی فێربوونی زمانە بێگانەکە، بەڵکو لەخۆیدا لێکۆڵینەوەیە لەکۆهۆکاری زیادبوونی توانست و تواناکانی مرۆڤ لەسەر فێربوون و فێرکردن بەشێوەیەکی گشتی فێربوون و فێرکردنی زمانی دووەم بەتایبەتی بەشێوەیەکی کاریگەرتر.

کەواتە دەتوانرێت بوترێت کە فێربوونی زمانی دووەم ئاماژە دەدات بەفێربوونی زمانێکی دیکە، لەوکاتەی لەبنەڕەتدا زمانێکی بنەڕەتی (زمانی یەکەم/ دایك/ زگماکی) بوونی هەیەو شوێنی خۆی گرتووە (کاروان عومەرقادر، ٢٠١٤، ١٢١).

کاریگەری زمانی یەکەم (دایك) لەسەر زمانی دووەم لە لای زۆربەی پسپۆرانی زمانەوانی لە کاتی فێربوونی زمانی دووەمدا زمانی یەکەم کاریگەرییەکی گەورەو بەرچاوی لەسەر زمانی دووەم هەیە چونکە زمانی یەکەم لە مێشکی فێرخوازدا وەکو تۆڕ چەسپاوە بۆیە ئەستەمە فێرکار (مامۆستا ) بتوانێت لە کاتی پرۆسەی فێربوندا چاودێری تەواوی ئەو تۆڕانە بکات (ئاسۆ عەبدول ڕەحمان کەریم: ٢٠١٩: ٨٦)

ئەم کاریگەرییانەش لە کاتی فێربوونی زمانی دووەمدا بە شێوەی (چوونەناویەك ) دەبێتە هۆی دروسبونی هەڵە بەڵام هێشتا زمانی یەکەم هۆکارە بۆ پێگەیشتنی زمانێکی تر چونکە لەسەر زمانێك ڕاهاتووە و یارمەتی دەدات زمانێکی تر دەربڕدرێت واتە فێرخوازی زمانی دووەم فێری بەهرەی نوێ دەبێت لەسەر بنەمای پێشینە، کە زمانی یەکەمە.

ئەم کاریگەرییەش لە هەموو ئاستەکانی زماندا بە ڕوونی بەرچاو دەکەوێت واتە لە هەریەك ئاستەکانی (فۆنۆلۆژی ، مۆرفۆلۆژی و سینتاکس ) دا دەتوانین کاریگەری و ڕادەی ئەو کاریگەرییەش پیشان بدەین :

١. لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا کاتێك فێرخوازی کورد دەنگەکانی زمانی ئینگلیزی دەدرکێنیت بۆ نمونە درکاندنی دەنگی / th/ بە / ذ / یان /ث/ دەخوێنرێتەوە بەلام بەهۆی نەبوونی هەردوو دەنگی /ث/ ، /ژ/ لە زمانی کوردیدا ،ئەم دەنگە بە شێوەی /س ، ز/ دەردەبڕدرێت ئەمەش بۆ کاریگەری زمانی یەکەم دەگەڕێتەوە وەکو :

ثیف سیف ← Thief

ذات زات ← That

ئەم کاریگەریە لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا لای فێرخوازێکی فارسی زمان، کە بیەوێت فێری زمانی کوردی ببێت بە هەمان شێوەیە، بۆ نمونە بەهۆی نەبوونی دەنگەکانی/

ۆ، ڵ، ڕ/ لە زمانی فارسیدا ئەوا فێرخواز ئەو دەنگانە بە/و ، ل ، ر/ دەدرکێنێت وەکو :

گوڵ ← گول

بڕۆ ← برو

ڕۆشن ← روشن

٢.لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا کەرەستە و دانە پێکهێنەرەکانی ئەم ئاستە کە مۆرفیمەکانن، کاریگەری زمانی یەکەم لەسەر زمانی دووەم تیایاندا دەردەکەوێت، واتە کاتێك فێرخواز لە پرۆسەی وەرگرتنی زمانی دووەمدایە هەندێك جار لەسەر بنەمای پێشینەی زمانی دایك مامەڵە لەگەڵ مۆرفیمەکانی زمانە نوێیەکەدا دەکات ، ئەم کاریگەری و چونە ناو یەکەش لە مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکاندا بەرچاو دەکەوێت وەکو مۆرفیمەکانی ( کات ، کەس ، ژمارە ، ناسراوی ، نەناسراوی ...)

وەکو :

-١ یەك كوڕ دەخوێنێت. One boy is studying

-٢ دوو كوڕ دەخوێنن. Two boys are studying

بەڵام فێرخوازی کورد لە ڕستەی دووەمدا بە کاریگەری زمانی کوردی دەڵێت (*two boy are studying ) چونکە لە سیستەمی زمانی کوردیدا دوو جار نیشانەی کۆکردەوە دانانرێت، واتە ناوترێت ( دوو کوڕەکان دەخوێنن ) بۆیە / is/ دەگۆڕێت بۆ / are/ بەڵام /s/ کۆ نابەخشێتە وشەی (boy)، لە ئەنجامدا فێرخوز هەڵە دەکات .

٣.دیارترین کاریگەری زمانی یەکەم لەسەر زمانی دووەم هەیەتی لە ئاستی سینتاکسدا بەرچاو دەکەوێت، بەشێوەیەك کە فێرخواز لەسەرەتای فێربوونی زمانی نوێدا چی بەشێوەیەکی ئاگایانە یان بێ ئاگایی یاسا و دەستووره ڕێزمانیەکانی لە زمانە نوێکەدا بەکاردەهێنێت (زریتا عیلانی : ١٣٨٠ : ٣)، بۆ نمونە لە زمانی کوردیدا بۆ نەرێ کردنی ڕستە مۆرفیمە بەندەکانی نەرێ کردی دەخرێنە پێش کارەوە وەکو ( من نەچوم بۆ خوێندگا. ) و فێرخواز کە ئەم ڕستەیە دەگۆڕێت بۆ زمانی ئینگلیزی بەم شێوەیەی لێ دەکات :

( I not go to school. * ) ئەمەش دەبێتە هۆی هەڵە و ئاستەنگی لای فێرخواز.

٤. لە ئاستی سیمانتیکیشدا ئەم کاریگەریە دەردەکەوێت (کاتێك فێرخواز دەیەوێت لە هەندێك بارودۆخ دروسکردنی دەربڕیندا دووچاری هەڵوێستَك دەبێتەوە و وشەیەکی گونجاو لە زمانی دووەم نەدۆزێتەوە کە پڕ واتا بێت یان واتادار بێت ئەوا بە ناچاری پەنا دەباتە بەر زمانی یەکەم و وشەیەکی گونجاو بەکار دەهێنێت ) ئاسۆ عەبدول رەحمان کەریم : ٢٠١٩ :٩٧ )

وەکو :

-١ بزنەکە بە شاخەکەدا هەڵدەگەڕێت ← the goat climbs the mountain.

کاتێك فێرخوازێكی كورد دەیەوێت ئەو ڕستەیە بەرهەم بهێنێت، ئەگەر کەموكرتی لە زانیاریدا هەبێت ئەو كات لەبری وشەی (goat) ، وشەی (sheep) بەکار دەهێنێت و دەڵێت:

The sheep climbs the mountain ، مەڕەكە بە شاخەكەدا هەڵدەگەڕێت، چونكە لە زمانی كوردیدا وشەی مەڕ واتایەكی گشتی تری هەیە لە وشەی بزن ، لە ئەنجامدا فێرخواز تووشی هەڵەو ئاستەنگی زمانیی دەبێت، كە سەرچاوەكەی کەموكوڕی و لاوازییە لە زمانی دووەمدا.

**بەشی دووەم : ئاستەنگیە سینتاکسیەكان لە فێربونی زمانی فارسیدا :**

پێناسەیەكی زمان ئەوەیە، كە پێی وایە زمان هۆكارێكە بۆ دروسكردنی پەیوەندی و گواستنەوەی مەبەستەكان لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی تر، یەكەكانی زمان كە (فۆنیم و مۆرفیم فرێز و وشە و ڕستە و دەق )ن، ئەركی دروسكردنی پەیوەندی لە نێوان بیرەكاندا ڕێك دەخەن و ئەركی تێگەیشتن و تێگەیاندن لە ئەستۆ دەگرن، هەرچەندە لە زانستی زماندا مۆرفیم بچوكترین دانەی واتاداری زمانە ، بەڵام پێویستە ئەم مۆرفیمانە بخرێنە قاڵبی ڕستەوە تا ببنە هەڵگری پەیامێك (شادان حەمەئەمین محەمەد : ٢٠١٦ : ٤٥-٤٦ ) ، واتە هەموو ئاستەكانی تری زمان لە خزمەت بەرهەمهێنانی ڕستەدان و (هەر یەك لە دانە زمانییەكان لە دەرەوەی سینتاكسدا تەنیا قسە لەسەر چییەتیان دەكرێت، بەڵام كاتێك دەچنە ناو دروستەیەكی سینتاكسەوە وەك ئەرك تەماشا دەكرێن هەر دانەیكی فەرهەنگیش لە دروستەی جیاجیادا ئەركی جیاجیا دەبینن ئەم قورسی و ئاڵۆزیەش بۆ ئەو سروشتە گۆڕاوەیان دەگەڕێتەوە ) (شێروان حسێن حمد : ٢٠١٤ : ٧٧ )

هەر بۆیە ڕستە بە سەرەكیترین یەكەی زمانی هەژماردەكرێت و چۆمسكی دەڵێت : (دڵ جێگایاكی چەندە گرنگی گرتووە لە لەشدا ، سینتاكسیش هەمان شوێنی هەیە لە زماندا ) ( بەكر عومەر علی : ٢٠١٤ : ١٢١)

كەواتە ئاستێكی ئاڵۆز و تێكچرژاوە و كۆكەرەوەی هەموو ئاستەكانی ترە، واتە هەموو كەرەستە فەرهەنگی و ڕێزمانییەكان چی سەربەخۆ بن یان بەند ئەركی تایبەتیان پێ دەسپێردرێت لەم ئاستەدا، بە گۆڕان و جوڵاندنیان ئەركەكانیشیان گۆڕانیان بەسەر دا دێت، كەواتە فێرخواز لە پرۆسەی فێربونی زمانی دووەمدا زۆرترین كێشە و ئاستەنگی كە وای لێ دەكات پرۆسەی فێربون هێواش بكاتەوە لە ئاستی سینتاكسدا دێتە ڕێگای سەبارەت بە زمانی كوردی و فارسی هەرچەندە ئەم دوو زمانە لە بنچینەدا دەچنەوە سەر یەك خێزانی و زمانی و هاوبەشییەكی ئێجگار زۆر لە نێوانیاندا هەیە و هەر دوو زمانەكە بە سیستمی (S+O+V) كەرەستەكانی زمان ڕیز دەكەن، بەڵام ئەم هاوبەشییە نابێتە هۆی ئەوەی، كە بڵێین هیچ گرفتێك نایەتە ڕێگای فیرخواز بۆ فیربونی زمانی فارسی، چونكە (تێبینی كراوە چونە ناو یەك لە

نێوان زمانە هاوشێوەکان بەراورد بە زمانە لێك نەچووەکان زیاتر و بەهێزترە ) (ئاسۆ عەبدول ڕەحمان کەریم : ٢٠١٩ : ٨٤ )

بەم پێیە هەرچەندە زمانەکان هاوبەشیان زیاتر بێت زمانەکان ئاستەنگی و گرفت زیاتر دەبێت کە دەبنە هۆی دروستبونی هەڵە لە پرۆسەی فێربوندا (Corder) ئەو هەڵانە پۆلێن دەکات بۆ سێ پۆل : (رضوان متوليان، عباس استوار: ١٣٩٢ : ٦٢ )

١- هەڵەی نێو زمانیی(intralingual errors) : ئەم جۆرە هەڵەیە پەیوەندی بە زمانی دووەم خۆیەوە هەیە نەك بە زمانی دایکەوە، زیاتر لە ئەنجامی زیادەڕەوی و گشتاندن بۆ یاسا ڕێزمانییەکان سەرچاوە دەگرێت کە بە هەڵەی( پێشکەوتووی )ش ناودەبرێت

٢- هەڵەی نێوان زمانی (interlingual errors) : ئەم هەڵانە بە کاریگەری زمانی یەکەم پەیدا دەبێت واتە ڕیشەی ئەم هەڵانە لە زمانی دایکدایە لای فێرخواز (گواستنەوەی نەرێنیشی پێ دەوترێت )

٣- ئەو هەڵانەی کە پەیوستن بە ڕێکارەکانی فێرکردنەوە( teaching techniques errors ) : بە زۆری شێوازی وانە وتنەوە سەرچاوەی ئەم جۆرە هەڵەیە بۆ نمونە : مامۆستا لە کاتی ڕونکردنەوەی واتای وشەیەك، وشەیەکی تر وەکو هاوواتا بە فێرخواز دەڵێت لە کاتێکدا ئەو دوو وشەیە لە تەواوی دەوروبەری بەکارهێنانەکاندا نابنە هاوواتای یەکتر و ئەم جۆرە هەڵەیە بە دوای خۆیدا دەهێنێت.

**دیارترین ئاستەنگییە سینتاکسییەکانی زمانی فارسی ئەمانەن :**

١. /را/ ی بەرکار لە زمانی فارسیدا کاتێك کاری ڕستە تێپەڕ بێت پێویستی بە بەرکارە، تا واتای خۆی تەواو بکات (حسن انوری و حسن احمد گیوی : ١٣٦٧ : ٦٢ )

ئەو فرێزە ناوییەش کە چاڵی بەرکار پڕ دەکاتەوە ئەگەر نیشانەی /را/ ی پێوە بوو ئەوا چەمکی ناسراوی دەبەخشێتە بەرکارەکە واتە ئەم نیشانەیە دەبێتە هەڵگری دوو چەمك و (دوو ئەرکی لە یەك کاتدا تێدا تواوەتەوە) (شێروان حسێن حمد: ٢٠١٤: ١٨٠ )

/را/ مۆرفیمی بەرکاری ڕاستەوخۆ

مۆرفیمی ناساندن (سەرچاوەی پێشوو هەمان لاپەڕە)

١- من کتاب را خواندم. ⟵ من کتێبەکەم خوێندەوە.

٢- او خانە را خريد. ⟵ ئەو خانووەکەی کڕی .

بۆیە کاتێك فێرکار نیشانەی /را/ بە فێرخواز دەناسێنێت فێری دەکات، کە هەرکات بەرکار/را/ ی پێوە بێت دەبێتە ناسراو لە کاتێکدا ئەم نیشانەیە لە کۆمەڵێك هەلومەرجی زمانی تردا بەکاردەهێنرێت، کە مەرج نییە بەرکار ناسراو بێت وەکو :

١- زهرا لباس را خرید ← (یعنی اون چه زهرا خریده لباس است نه چیزی دیگر ) واته: زەهرا جلی کڕی ( واتە ئەوەی زەهرا کڕیوێتی جلە نەك شتی تر)

لەو نموویەیەدا ( لباس ناسراو نیە، بەڵام جەختی لەسەر کراوەتەوە و /را/ ی وەرگرتووە، کەواتە (ئەم نیشانەیە لەگەڵ ناوی جۆر و کاڵادا دێت کاتێك بە مەبەستی جەختکردن و خستنەڕووی ئەو شتە دێت) ( ئەبوبەکر عمر قادر: ٢٠٠٣: ٣١٥ ) ، هەروەها /را/ زۆرجار دەچێتە دوای بەرکاری نەناسراویشەوە قسەکەر سەرپشك دەبێت لە بەکارهێنانی (سەرچاوەی پێشوو هەمان لاپەڕە ) وەکو:

مردی را دیدم. ← مردی دیدم.

پیاوێکم بینی. ← پیاوێکم بینی.

کتابی را کە می خرم/ می خوانم (کتێبێك کە دەیکڕم ، دەیخوێنمەوە )

هەرچەندە لە زمانی فارسیدا /را/ بە نیشانەی بەرکار دانراوە لەگەڵ کاری تێپەڕدا کەچی (علی محمد حق شناس ) باسی کۆمەڵێك بەکارهێنانی تری ئەم نیشانەیەیی کردووە کۆمەڵێك نمونەی تری هێناوەتەوە کە لەگەڵ کاری تێنەپەڕدا دەردەکەون، وەکو :

تمام شب را خوابیدم. تەواوی شەو خەوتم .

(شب) بەرکار نییە بەڵکو هاوەڵکاری کاتە (خوابیدم) کاری تێنەپەڕە

این راه را ، صد بار رفته ام = ئەم ڕێگایە، سەدجار ڕۆیشتووم .

تمام راه را دویدم = تەواوی ڕێگا ڕام کرد .

## ٢- مۆرفیمی خستنەپاڵ (کسره اضافه )

لە زمانی فارسیدا مۆرفیمی خستنەسەر /ِ/ هێمای (کسرە)ی عەرەبی بۆ بەکاردەهێنرێت و دیارخەر بە دیارخراوەوە دەبەستێت (لە کاتێکدا دیارخراو دێتە پێش دیارخەرەوە )

لەم خاڵەدا هاوبەشیە ک زۆر لەنێوان زمانی کوردی و فارسی دا هەیە، لە ڕوانگەی سازکردن و چۆنیەتی هاتنی مۆرفیمی خستنەسەر و بەستنەوەی دیارخەر بە دیارخراوەوە.

لە زمانی کوردی دا:

| |
|---|
| دیارخراو+ م. خستنەسەر/ی-ە/ + دیارخەر |

نم// گوڵی سوور، گوڵ سوورەکە

لە زمانی فارسی دا :

| |
|---|
| دیارخراو + م.خستنەسەر/ِ/ + دیارخەر |

نم// : گلِ سرخ ، زنِ خوب ، درختِ سبز

ئەو ئاستەنگییەی، کە لە مۆرفیمی خستنەسەردا دێتە ڕێگای فێرخواز ئەوەیە هەرچەندە نیشانەی /ِ /وەکو دەنگ دەدرکێندرێت و دەخوێنرێتەوە ، بەڵام (لە ڕێنوسدا هیچ نیشانەیەکی نیە ) (هێرش کریم حمید : ٢٠١٥: ١٦٤)

واتە لە نووسینی فارسی دا /ِ / نانوسرێت یان بە دەگمەن دەنوسرێت .

کەواتە فێرخواز لە کاتی تاقیکردنەوەی نوسینەکی یان وەرگێڕاندا تووشی گرفت دەبێت، لەم نمونانەدا زیاتر مەبەستەکە ڕوون دەکەینەوە :

يك مهمان تازا امده است.

ئەگەر داوا لە فێرخواز بکرێت ئەو ڕستەیە بگۆڕێت بۆ زمانی کوردی ئەوا بەهۆی دەرنەکەوتنی مۆرفیمی خستنەسەرەکە تووشی ئاستەنگی دەبێت و دەکەوێتەوە بەردەم دوو ئەگەرەوە، کە ئەمانەن :

میوانێك

تازە هاتووە.

يك مهمان تازا امده است

میوانێکی

تازە هاتووە.

محمدی پەیامبەرگەورەی ئیسلامە.

محمد پيامبر بزرگ اسلام است

محمد پەیامبەری گەورەی ئیسلامە.

دیارە ئەم ئاستەنگیە لە نووسیندا دێتە ڕێگای فێرخواز، بەڵام لە کاتی دەربڕین و خوێندنەوەدا ئەم گرفتە دەرەوێتەوە، چونکە (ِ )هەکە دەخوێنرێتەوە بە ڕوونی شوێنەکەی دەردەکەوێت .

### ٣.بکەر نادیار (مجهول)

بکەر نادیار بابەتێکە لەلایەن زمانەوانە فارسەکانەوە گفتوگۆی زۆری لەسەرکراوە بیروڕای جیاواز لە بارەیەوە باس کراوە .

(بڕوانە: کەژاڵ جهانبەخش محمد : ٢٠١٦: ١٠٤-١٠٩)

لە زمانی فارسیدا گۆڕینی ڕستە لە بکەر دیارەوە بۆ بکەر نادیار بەم شێوەیە :

١- بکەری ڕستە لادەبرێت
٢- بەرکاری ڕاستەوخۆ شوێنی بکەر دەگرێتەوە بە مەرجێك نیشانەی / را/ لابدرێت
٣- کاری سەرەکی ڕستەکە دەگۆڕین بۆ هاوەڵناوی کراو ( بناغە + ه )

وەکو :

ساختن ساخته

بردن برده

٤- چاوگی (شدن ) بە پێی کات و کەس و جۆری کارگەردان دەکرێت و دەچێتە دوای هاوەڵناوە

کراوەکە پێکەوە چەمکە نادیاری دەگەیەنن

(هێرش کەریم حەمید : ٢٠١٥ :١٤٧ )

(ئەم جۆرە لە بکەر نادیار لە فارسی دا بە بکەر نادیاری ئەسڵی (مجبول ئەصلی ) دادەنرێت ) (کەژاڵ جیهانبەخش محمد : ٢٠١٦ : ١٠٦)

وەکو :

ساخت (دروست کرد ) ← ساختە شد (دروست کرا )

ساختە بود (دروست کردبوو ) ← ساختە شدە بود (دروستکرا بوو )

می ساخت (دروست دەکرد ) ← ساختە می شد (دروست دەکرا )

من خانە را ساختم ← خانە ساختە شد

من خانووەکەم دروستکرد ← خانووەکە دروستکرا ←

تا ئێرە ئەوەمان بۆ ڕوون بووەوە، کە فێرخواز لە کاتی گۆڕینی ڕستە لە بکەر دیارەوە بۆ بکەر نادیار دەتوانێت بە پەیرەوکردنی ئەو هەنگاوانەی سەرەوە ڕستەکان بگۆڕێت واتە لە بکەر نادیاری ئەسڵی ئەگەر فێرخواز هەموو هەنگاوەکان بگرێتە بەر ئەوا بە دەگمەن تووشە ئاستەنگی سینتاکسی دەبێت چونکە یاسای گشتی بۆ هەموو ڕستەکان پەیڕەو ، بەڵام جۆرێکی تر لە بکەر نادیاری هەیە بە (مجهول با هم کرد (کردن )) واتە نادیاری بەهۆی کرداری (کردن)ەوە، کۆمەڵێك لەو کردارانە دەگرێتەوە کە تێنەپەڕن و لێکدراون وەکو :

پرهیز کردن ، استفسار کردن، سؤال کردن ...

(سەچاوەی پێشوو هەمان لاپەڕە )

ئەم جۆرە کردارانە هەرچەن تێنەپەڕن کەچی دەتوانن ببن بە بکەر نادیار وەکو:

١- ما کار را أغاز کردیم. ← (بکەر دیار)

کار أغاز شد . ← (بکەر نادیار)

٢- ئێمە دەسمان بە کارەکە کرد. ← کارەکە دەسپێکرا.

یەکێك لە ئاستەنگیە سینتاکسیەکان لێرەوە سەرچاوە دەگرێت، کە پێشبینی دەکرێت فیۆخواز بە کاریگەری یاسا گشتییەکە ئەو ڕستەیە بگۆڕیت بۆ بکەر نادیار و بەم شێوەیی لێ بێت:

١-* کار أغاز کردە شد ← ( هەڵەی سیناتکسی ڕوویداوە )

٢- من از تو سؤال کردم ← از تو سؤال شد

من پرسیارم لە تۆ کرد ← لە تۆ پرسیار کرا، فێرخواز دەیگۆڕێت بۆ (*از تو سؤال کردە شد

٣- خانە را خراب می کردند ← خانە خراب می شد.

٦- خانووەکەیان وێران دەکرد خانووکە وێران کرا .

بەکاریگەریی یاساگشتییەکە فێرخواز ئەو ڕستەیە دەگۆڕێت، بۆ (خانە خراب کردە می شود)

هەروەها ئەو کردارانەی کە تێنەپەڕن لە ڕێگەی پاشگری /ان/ دەگۆڕڕێن بۆ تێپەڕ و بکەر نادیاریان لێ ساز دەکرێت.

( حسن انوری ، حسن احمد گیوی ١٣٦٧ : ٦٦-٦٧)

| تێنەپەڕ | تێپەڕ | بکەر نادیار |
|---|---|---|
| رسیدن (گەیشتن) | رساندن (گەیاندن) | رساندە شد(گەیەنرا) |
| لرزیدن (لەرزین) | لرزاندن (لەرزاندن) | لرزاندە شد(لەرزێنرا) |

بەم شێوەیە :

١- مادرم رسید. مادرم رساند. بابام مادرم رساندە شد .

(دایکم گەیشت) (باوکم) دایکمی گەیاند) (دایکم گەیەنرا)

٢- زمین لرزید زلزلە زمین را لرزاند زمین لرزاندە شد

٣- (زەوی لەرزی) (بومەلەرزە زەوی لەرزاند) (زەوی لەرزێنرا)

لێرەدا ئاستەنگیەکی تر دێتە ڕێگای فێرخواز بەهۆی ئەو جۆرە کردارانەی کە پێیان دەوترێت ، ( فعل های دو وجهی) ئەم جۆرە کردارانە دەتوانن بە دوو بەکارهێنانی جیاواز کار بکەن واتە دەتوانن وەکو تێپەڕ یان تێنەپەڕیش لە ڕستەدا دەربکەون وەکو کردارەکانی : ( شکست- شکان ، پختن- کوڵان ، ریختن- ڕژان، سوختن- سوتان ، پژمردن- سیسبوون ... ) ( تقی وحیدیان کامیار، غلامرضا عمرانی : ١٣٨٩ : ٤٩-٥٠)

نمونە :

١- گل پژمرد ( گوڵەکە سیس بوو) تێنەپەڕ

٢- افتاب گل را پژمرد (خۆرەکە گوڵەکەی سیس کرد) تێپەڕ

لە کاتی گۆڕینی ڕستە لە بکەر دیارەوە بۆ بکەر نادیار ئەو کردارانەی کە (دو وجهی)ن پێوستیان بە ئەوە نیە پاشگری (ان)یان بۆ زیاد بکەین بەڵکو ڕاستەوخۆ بە شێوەی کردارە تێپەڕەکان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێت وەکو :

١- باران شیشە را شکست شیشە شکستە شد

باران پەنجەرەکەی شکاند شووشەکە شکێنرا

بۆیە پێشبینی دەکرێت فێرخواز ئەم ڕستەیە بگۆڕێت بۆ ( شیشە شکاندە شد *)

٢- بچە دوغ را ریختە بود دوغ ریختە شدە بود

مناڵەکە دۆکەی ڕژاندبوو دۆیەکە ڕژێنرابوو

فێرخواز بە کاریگەری یاسای بکەر نادیاری ئەسڵی ئەم ڕستەیە بەك شێوەیە لێ دەكات ( دوغ ریزانده شده بود *)

هەروەها ئاستنگیەكی تر لە كردەی نادیاریدا تێكەڵبوونی (شد) ە جارێك وەكو كاری سەرەكی ڕستە، جارێك وەكو مۆرفیمی سەربەخۆی بکەر نادیاری، واتە فێرخواز ناتوانێت بە ئاسانی لە ڕستەكاندا ئەو دوو بەكارهێنانە جیاوازەی (شد) بە ئاسانی لە یەك جیا بكاتەوە .

وەکو:

شاید موفق <u>بشوی</u> ⟵ ڕەنگە سەر بکەویت(کاری سەرەکی)

شاید دیده <u>بشوی</u> ⟵ ڕەنگە ببینرێیت (مۆرفیمی بکەر نادیار)

## ٤. كات و ئەسپێكتەكانی كردار

(یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی کردار هەبوونی كاتە تیایدا )(تقی وحید کامیار ، غلامرچا عمرانی : ١٣٨٩:٣٣) لە زانی فارسیدا کردار سێ كاتی هەیە ( ڕابردوو- گزشته/ ماضی ، ڕانەبردوو- مضارع ، داهاتوو- اینده) ، كرداری ڕابردوو لە فارسی دا نۆ جۆری هەیە ئەمانەن: (حسن انوری،حسن گیوی : ١٣٦٧: ٤٧)

١.ڕابردووی نزیك (ماضی مطلق) ⟵ رفتم رفتیم

٢. ڕابردووی تەواو(ماضی نقلی) ⟵ رفته ام رفته ایم

٣.ڕابردووی بەردەوام (ماضی استمراری)

می رفتم ⟵ می رفتیم

٤. ڕابردووی تەواوی بەردەوام (ماضی نقلی استمراری )

می رفته ام ⟵ می رفته ایم

٥. ڕابردووی دوور (ماضی بعید)

رفته بودم ⟵ رفته بودیم

٦. ڕابردووی دوورتر (ماضی ابعد)

رفته بوده ام ⟵ رفته بوده ایم

٧. ڕابردووی دانانی (ماضی التزامی)

رفته باشم ⟵ رفته باشیم

٨. ڕابردووی ملموس (ماضی ملموس)

داشتم می رفتم ⟵ داشتیم می رفتیم

٩. ڕابردووی ملموس نقلی (ماضی ملموس نقلی)

داشته ام می رفته ام ⟵ داشته ایم می رفته ایم

**كرداری ڕانەبردووش دابەش دەبێت بەسەر سێ جۆردا :**

١.ڕانەبردووی ڕاگەیاندن(مضارع اخباری) ⟵ میروم میرویم

٢.ڕانەبردوو دانانی (مضارع التزامی)

بروم ⟵ برویم

٣.ڕانەبردوو ملموس (مضارع ملموس)

دارم میروم ⟵ داریم میرویم

كرداری داهاتوو (اینده) لە زمانی فارسی دا كردار لە دەم كاتی داهاتوودا لە (ڕەگی ڕابردوو) (قەدی كردارە

سەرەكییەكە، لەگەڵ ڕەگی ڕانەبردووی كرداری (خواستن) ، كە (خواه )ە دروست دەكرێت ))( سەرچاوەی پێشوو : ٦٣)

بێگومان پێوستە جێناوێكی لكاویشی بە پێی كەس و ژمارە بۆ دابنرێت لە كۆمەڵەی (م-یم ، ی- ید، د- ند) بەم شێوەیە:

خواه+ (م-یم) + قەد وەكو:

خواهم رفت خواهیم رفت (دەڕۆم- دەڕۆین)

خواهی رفت ← خواهید رفت

خواهدرفت ← خواهندرفت

هەریەك لەو جۆرە دەم كاتانەی باسكران، لە بەكارهێناندا پێوستە بە پێی كەس و ژمارە گەردان بكرێن ، ئەم ئەركەش بە جێناوە كەسیە لكاوەكان سپێرراوە بۆ هەر سێ كەسی یەكەم و دووەم و سێیەمی تاك و كۆ، هەروەها وەك لە یاساكانیش دا دەركەوت ژمارەیەكی بەرچاو ئەسپێكت بەكارهاتوون بە تایبە لە كاتی ڕابردوودا لە ئەنجامی ئەم ئاڵۆزیە گەورەیە، كە لە جۆرەكانی كرداردا هەیە پرۆسەی فێربوون و فێركرنی فێرخواز قورستر دەبێت و بە ڕادەیەكی زۆر توشی ئاستەنگی سینتاكسی دەبێت لە بەرهەمهێنانی ڕستەدا.

## ٥- مۆرفۆسینتاكس و شوێنی جێناوەلكاوەكان لەكردەی مۆرفۆسینتاكسدا:

مۆرفۆسینتاكس ئاستێكە، لەئەنجامی تێكەڵبوونی هەردوو ئاستی مۆفۆلۆژی و سینتاكس دروستدەبێت (كەژاڵ جهانبخش محەمەد، ٢٠١٦، ٧٦)، هەروەها (بەكلیتیك كردنی كەتیگۆریە سینتاكسیە بەخورتییەكانە)(ئاوات ساڵح قادر،٢٠١٥، ٥٣)، زمانی فارسی هاوشێوەی زمانی كوردی خاوەنی دوو جێكەوتەی سینتاكسی و دوو جێكەوتەی مۆرفۆسینتاكسیە لەكردارە تێپەڕەكاندا، جێكەوتەی سینتاكسی پێش كردارە ،واتە بكەرو بەركار بەشێوەی مۆرفیمی سەربەخۆ پێش كردار دەكەون.

جێكەوتەی مۆرفۆسینتاكسیش دوای كردار یان لەناو درووستەی كرداردایە،بەڵام كرداری تێنەپەڕ خاوەنی یەك جێكەوتەی سینتاكسی و یەك جێكەوتەی مۆرفۆسینتاكسیە،چونكە تێنەپەڕ بەركاری نییە،لەزمانی فارسیدا یەك دەستە جێناوی سەربەخۆ هەیە،كەئەمانەن (من- ما، تو- شما، او، - انها، ایشان، دوو دەستە جێناوی لكاویش هەن، دەستەی یەكەم كە دەستەی بكەرە (م- یم، ی- ید، د ، ø - ند ،)دەستەی دووەمیش كە پێیان دەوترێت (ضمیر شخصی پیوسته) (م- مان،ت- تان،ش- شان)ە،ئەم كۆمەڵە ئەركی بەركار یان دیارخەر دەبینن. (تقی وحیدیان كامیار- غلامرضا عمرانی: ١٣٨٩، ١٠٣)

لەكاتی گۆڕینی درووستەی سینتاكسی بۆ درووستەی مۆرفۆسینتاكسی هەردوو ئارگۆمێنتی بكەر و بەركار دەكرێتنرێت، جێكەوتەی هەریەكەیان بەجێناوێكی لكاو پڕ دەكرێنەوە و دەچنە كۆتایی كردارەكە یان ناودرووستەی كردارەكە بەم شێوەیەش درووستەی مۆرفۆسینتاكس

دێتەکایەوە (بڕوانە: کەژاڵ جهانبخش محەمەد،٢٠١٦،٩٧،وەکو:

من ورادیدم(سینتاکس).

دیدمش(مۆرفۆسینتاکس).

من ← ئەوم بینی. بینیم.

لەزمانی فارسیدا جێکەوتەی جێناوی لکاوی بکەر لەمۆرفۆسینتاکسدا بۆ هەردوو کاتی ڕابردوو،ڕانەبردوو چەسپاوە و هەمیشە دوای بناغە یان ڕەگی کردار دەگرن،بەڵام جێکەوتەی بەرکار دوای جێناوی لکاوی بکەر دێت، بەمەرجێك کردارەکە سادەبێت،وەکو:

• دیدمشان. ڕابردوو ← ( بینیمن)

م/ جێگەوتەی بکەر.

شان/ جێکەوتەی بەرکار.

•می بینمشان. ڕانەبردوو ← ) دەیانبینم)

م/ جێکەوتەی بکەر.

شان/ جێکەوتەی بەرکار.

بەڵام لەکاتی داهاتوودا جێکەوتەی بکەر دەچێتە دوای (خواە)ی نیشانەی کاتی داهاتوو،

بەم شێوەیە:

| |
|---|
| خواە + جێناوی لکاوی بکەر+ بناغە + جێناوی لکاوی بەرکار. |

وەکو:

•خواهم دیدشان. داهاتوو ← (دەیانبینم)

م/ جێکەوتەی بکەر

•خاهند دیدم. ← (دەمبینن)

لێرەدا ئاستەنگی دێتە ڕێی فێرخوازی کورد زمان، چونکە بەکاریگەری یاسای (ڕابردوو، ڕانەبردوو)، کە جێناوی لکاوی بکەر دوای بناغە دەگرێت، ئەو ڕستانەی کەداهاتوون شوێنی بکەرو بەرکاری بەئاسانی بۆ جیاناکرێتەوە.

یەکێکی تر لەو ئاستەنگیانەی کە لە کردەی مۆرفۆ سینتاکس دا دێتە ڕێگەی فێرخواز، ئەوەیە بەهۆی زۆری ژمارەی دەمکاتەکانی کردارەوە ، هەروەها بەهۆی کردارە داڕێژراو و لێکدراوەکانەوە دروست دەبێت، چوکە شوێنی جێناوی لکاوی بەرکار لە هەریەك کرداری داڕێژراو و لێکدراو دا جیاوازن و ئاڵۆزترن لە کردارە سادەکان، بەم شێوەیە: بۆ کرداری داڕێژراو: (بڕوانە : ئاوات صالح قادر : ٢٠١٥: ٩٣-٩٤).

| |
|---|
| پێشگر+ جێناوی لکاوی بەرکار+ بناغە+ جێناوی لکاوی بکەر وەکو: |

•بر شان داشتم (ڕابردوو- داڕێژراو) هەڵم گرتن

•بر شان می دارم. (ڕانەبردوو- داڕێژراو) هەڵیان دەگرم

بەڵام بۆ کرداری داهاتووی داڕێژراو بەم شێوەیەی لێ دێت:

| |
|---|
| خواه+ لکاوی بکەر+ پێشگر+ لکاوی بەرکار+ بناغە |

•خواهم بر شان داشت. ⟵ هەڵیان دەگرم.

بۆ کرداری لێکدراویش بەم شێوەیە :

| |
|---|
| بەشی یەکەمی کردار + جێناوی لکاوی بەرکار+ بناغە + جێناوی لکاوی بکەر |

وەکو:

•جوابتان دادم (ڕابردوو- لێکدراو) وەڵامم دانەوە

•جوابتان میدهم (ڕانەبردوو- لێکدراو) وەڵامتان دەدەمەوە

بەڵام بۆ کاتی داهاتوو بەم شێوەیەی لێ دێت:

| |
|---|
| خواه + جێناوی لکاوی بکەر+ بەشی یەکەمی کردار + جێناوی لکاوی بەرکار+ بناغە |

•خواهم جوابتان داد وەڵامتان دەدەمەوە.

هەروەها ئەگەر بەرکارەکە ناڕاستەوخۆ بێت ئەوا جێناوە لکاوەکەی دەچێتە دوای پێشبەند (پریپۆزیشن)ەوە،

وەکو:

•بهت می گویم ⟵ پێت دەڵێم

/ت/ بەرکار

•براش می خریدم ⟵ بۆیم دەکڕی

/ش/ بەرکارە

## ئەنجام

١.نیشانەی /را/ی بەرکار لە زمانی فارسی دا یەکێکە لە ئاستەنگی سینتاکسیەکان بۆ فێرخواز، چونکە ئەم نیشانەیە چەند بەکارهێنانێکی جیاجیای هەیە .

٢.مۆرفیمی خستنەسەر لە نوسین و وەرگێڕاندا دەبێتە ئاستەنگی بەڵام لە کاتی خوێندنەوە و دەربڕینیشدا ئەم ئاستەنگیە دەڕەوێتەوە و شوێنەکەی بە ڕوونی دەردەکەوێت .

٣.ئاڵۆزی کردەی بکەر نادیار لە زمانی فارسی دا پرۆسەی فێربوونی زمانەکە زۆر خاوتر دەکاتەوە، چونکە ژمارەیەکی زۆر کردار هەن لە یاسای گشتی بکەر نادیار لایاندەوە، ناسینەوەی تەواوی ئەو کردارانە کارێکی دژوارە.

٤.ناسین و لێك جیاکردنەوەی دروستەی کردار لە دەمکاتە جیاوازەکانی زمانەکەدا بەهۆی زۆری ژمارەی جۆرەکانیانەوە، ئاستەنگیەکی گەورەیە و پێویستی بە هەوڵدانێکی زۆرە تا فێرخواز بتوانێت بە دروستی بەکاریان بهێنێت.

٥.ئاڵۆزی کردەی مۆرفۆسینتاکس و جوڵانی شوێنی جێناوە لکاوەکان لەناو دروستەی مۆرفۆسینتاکس دا ، هۆکارە بۆ سەرهەڵدانی ئاستەنگی سینتاکسی .

## لیستی سەرچاوەکان

### سەرچاوەی کوردی


١- ئاوات ساڵح قادر، ڕێککەوتنی سینتاکسی لەزمانی کوردی و فارسیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٥.

٢- ئەبوبەکر عومەر قادر، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لەزمانی کوردی و فارسیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان،زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٣.

٣- ئاسۆ عبدالرحمان کریم، ستراتیژە کۆزمانەوانییەکان لەفێربوونی زمانی دووەمدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٩.

٤- بەکر عومەر علی، چەند لایەنێکی زمانەوانی ، چاپی یەکەم ، هەولێر، ٢٠١٤

٥- شێروان حسن حمد، تواناى مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەند کردن فەرهەنگ و راپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا ، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٤

٦- شادان حەمەئەمین محەمەد، پەیوەندییە واتاییەکانی ناو مۆرفیمە بەندەکان لە زمانی کوردیدا ، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی ، ٢٠١٦٤.

٧- عەدنان عەبدوڵلا عەبدولوەهاب، وەرگرتنی زمان لای مناڵ، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٥.

٨- کاروان عومەر قادر، درکپێکردنی زمانی ستاندارد و شیانی فێربوونی زمانی دووەم، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، ژمارە ٤٥، ٢٠١٤.

٩- کەژاڵ جهانبەخش محمد ، دروستەی ڕستەی سادە لە زمانی کوردی و فارسیدا ، نامەی ماستەر زانکۆی گەرمیان ، ٢٠١٦

١٠- کاروان عومەر قادر، درکپێکردنی زمانی ستاندارد و شیانی فێربونی زمانی دووەم، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، ژمارە ٤٥، ٢٠١٤٨.

١١- هێرش کەریم حەمید، ڕۆستەم محمد احمد ، ڕێکارەکانی زمانی بیانی (کلتور) بە نمونە، کۆنفرانسی زانکۆی گەرمیان، ٢٠١٩

١٢- هێرش کەریم حەمید، بەراوردێکی مۆرفۆفۆنیمی لە زمانی کوردی و فارسی دا ، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٥

١٣- نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو، زمانەوانی کارەکی، بەرگی یەکەم چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٦


### سەرچاوەی فارسی


١- تقی وحیدیان کامیار، غلام رضا عمرانی ، دستور زبان فارسي (١)،ضاث دوازدهم ،تهران، ١٣٨٩

٢- حسن انوری،حسن احمد طیوی ، دستور زبان فارسي(٢)، ضاث دوم ، تهران، ١٣٦٧

٣- علی محمد حق شناس، دستور زبان فارسي، ضاث اول ،تهران ، ١٣٨٧

٤- زریتا عیلانی، تأسیر تداخل زبان مادری در اموزش زبان دوم، ثایطاه مجلات تخصص نور،شمارة ٦٠، ١٣٨٠.

٥- رضوان متولیان نائینی ، عباس استوار ابر قوئی، خطاهای نحوی عرب زبانان در یادطیری زبان فارسي بة عنوان زبان دوم ،ثذوهش نامةی اموزش زبان فارسي بة غیر فارسي زبانان ذمارة (٢)، ١٣٩٢



**Abstract:**

The thesis is entitled as (Syntactic Barriers of Learning Second Language for Kurdish Speakers, Persian Language as an example), The thesis consists of an Introduction, two parts, outline and key words.

The first part sheds the light on the concept of Practical Language Science, Learning Second Language, some other aspects related to the subject matter.

The second part elucidates the language barriers of learning Persian Language for Kurdish Speakers, the barriers of Syntactic Levels and how they become obstacles for learning Persian language for Kurdish Speakers are clearly explained as well.

The objective of the research is to find the barriers, aiming to solve those obstacles by conducting suitable process in learning Persian language for Kurdish Speakers, The importance of this is , both Kurdish and Persian language belong to the same family , it is a neibouring language and contains rich scientific references.

The problem of the thesis begins with the question; Do Kurdish speakers have any Syntactic barriers in learning Persian language? In the end, used references and the outline are indicated in both Arabic and English languages

**الملخص:**

هدف البحث إلى التعرف على (المعوقات النحوية لتعلم اللغة الثانية لدى متكلم اللغة الكوردية "اللغة الفارسية كمثال") وسبل علاجها.

انبعثت مشكلة البحث من سؤال حيالها : هل عند متكلم الكوردي معيقات لغوية في تعلم اللغة الفارسيةًّ؟

تضمن البحث في الفصل الاول مفاهيم علم اللغة التطبيقي ، وتعلم اللغة الثانية ، ......، أما في الفصل الثاني فقد تطرقنا الى أهم المعوقات اللغوية عند متكلم الكورد ومن ضمنها معوقات مستوى اللغوية عند متكلم الكوردي كيف يحد من تعلم اللغة الفارسية . تكمن أهمية البحث من اجراءاته التي يسعى لإيجاد طريقة مناسبة لتعلم اللغة الفارسية عند متكلم الكوردي على الاساس اللغتين جاريين و من عائلة اللغوية واحدة ....من اهم النتائج البحث : ١. ٢. ٣. اما التوصيات :١. ٢. ٣. والمقترحات البحث : ١. ٢.